

# بیرەوەرییەکانی ئەحمەد هەردی دەنووسرێتەوە

■ ئا: سیروان عەباس

بیرەوەرییەکانی شاعیری ناودار ئەحمەد هەردی لە زاری خۆیەوە دەنووسرێنەوە و لە تویی کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە.

ئاسۆس هەردی، کوڕی ئەحمەد هەردی کە یادەوەرییەکانی باوکی دەنووسێتەوە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چەند کاسێتێکی ئەحمەد هەردی-مان هەیە لە زاری خۆیەوە بیرەوەرییەکانی ژیانی سیاسیی خۆی دەگێڕێتەوە، منیش دەستم بە نووسینەوەی کردووە و بە نیازم لە تویی کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە".

ئاسۆس هەردی هەروەها گوتی: "بیرەوەرییەکان تەنیا باس لە لایەنە سیاسییەکەی ژیانی ئەحمەد هەردی دەکات لە (کاژیک)ەوە تاوەکو ساڵی 1989 کە بەیەکجاری لە سیاسەت دوورکەوتەوە".

ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگ (ئەحمەد هەردی) لە ساڵی 1922 لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی 1941 بووەتە مامۆستای سەرەتایی و لە کۆتایی چلەکاندا لەسەر هەڵوێستی سیاسی لە کارەکەی دەرکراوە، چەند جارێکیش بەند کراوە یان دوورخراوەتەوە. ساڵی 1957 کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی "رازی تەنیایی" بە چاپ گەیاندووە. ساڵی 1959 لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتیی کورد (کاژیک) ـ یان دامەزراندووە، هەر خۆیشی بەرپرسی یەکەمی بووە. ساڵی 1963 پەیوەندیی کردووە بەشۆڕشی کوردستانەوە. ساڵی 1966 لەسەردەشت لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئێران (ساواک) ەوە دەستگیر کراوە، لە کۆتایی هەشتاکاندا سکرتێری گشتیی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک) بووە و ساڵی 2006 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.



# ڕەحمانی شانۆنامەی OUT چاپ و بڵاودەکاتەوە

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئومێد ڕەحمانی، سەرقاڵی نووسینەوەی 12 دەقی شانۆییە و بەنیازە لە تویی کتێبێکدا بەناوی OUT بڵاویان بکاتەوە.

ئومێد ڕەحمانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەقە شانۆییەکان باس لە دۆخی سیاسی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، بەڵام دەقەکان تەنیا سیاسی نین و باس لەوە دەکەن کە چۆن سیاسەت کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەبووە". بە گوتەی ڕەحمانی دەقەکان لە 12 شانۆنامە پێکهاتوون، تاوەکو ئێستا شەش دانەیان تەواوبوون کە ڕەنگە هەموویان کتێبێکی 180 لاپەڕییان لێ دەربچێت.

سەبارەت بە ناوی کتێبەکەش، گوتی: "ناوی دوو شانۆنامە دەکەمە ناوی کتێبەکە کە یەکێکیان ناوی Z ـەو ئەوی دیکەیان ناوی OUT ـە".

ئومێد ڕەحمانی، ساڵی 1978 لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و ئێستا لە هەولێر دەژی. تاوەکو ئێستا دەیان گوتار و بابەتی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

# فەرید زامدار: چاپی شەش کتێبم بەهۆی نەبوونی ڕاگرتووە



■ ئا: سیروان عەباس

شاعیر و نووسەر فەرید زامدار دەڵێت: شەش کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام بەهۆی نەبوونی و قەیرانی داراییەوە ڕایگرتوون.

فەرید زامدار بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەش کتێبم بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەن، بەڵام نەبوونی بووەتە کۆسپ لەسەر ڕێم و ئەگەر بوار هەبێت لە داهاتوودا چاپیان دەکەم.

دوو لە کتێبەکانی زامدار لێکۆڵینەوەی ئەدەبین سەبارەت بە شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی و کتێبێکی دیکەشی 60 وتاری عەرەبیی خۆیەتی کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە و دەیەوێ بە زمانی عەرەبی چاپیان بکاتەوە. فەرید زامدار، نووسەر و وەرگێڕ و شێوەکار و میدیاکار و پێشمەرگەی دێرین، ساڵی 1952 لە هەولێر لەدایکبووە، لە ماوەی ساڵانی 2004 بۆ 2006 سەرۆکی ئۆفیسی سلێمانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی و ساڵی 2017 دوورکەوتنەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند.

# بەرهەمەکانی "پەیامبەری تەنیایی" دەکرێنە کوردی

■ ئا: سیروان عەباس

"ئەڤینم خۆشدەوێ، بەڵام لە ژن دەترسم!"، ناوی کتێبێکی وەرگێڕدراوی توانا ئەمین، نووسەر و وەرگێڕی کوردە کە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبی و گفتوگۆکانی حوسێن پەناهی، هونەرمەند و شاعیری ئێرانی کۆکردوونەتەوە و کردوونی بە کوردی.

توانا ئەمین لەبارەی کتێبەکەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم کتێبە گوڵچنێک لە جوانترین شیعر، نووسین، گفتوگۆکان و هەروەها ژیانی هونەرمەند و شاعیری ئێرانی حوسێن پەناهییە کە بە پەیامبەری تەنیایی ناسراوە، چونکە نووسینەکانی سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی باوی ئەدەبیی هاوچەرخ و کلاسیک نین، ئەو ژیانی ڕۆژانە، ئازارەکان، شادییەکان دەکات بەداهێنانی ئەدەبی". گوتیشی "بابەتەکانی ئەم نووسەرە فارسە لە پڕخوێنەرترین بابەتی نووسەرەکانی ئەمڕۆی ئێرانە".

توانا ئەمین، ساڵی 1981 لە سلێمانی لەدایکبووە و تاوەکو ئێستا 15 کتێبی لە بوارەکانی چیرۆک و لێکۆڵینەوە نووسیوە و وەرگێڕاوە.



# مەحوی..
# پیاسەیەک لە فانییەوە بۆ فەنا





دانیاڵ ژاکاو

تەواوی ئاینەکانی دونیا دوو رەهەندی جودا بەڵام وابەستەیان هەیە، وەک چۆن مرۆڤ لە رووح و جەستە دروستبووە، تەواوی ئایدیۆلۆژیا میسالییەکانیش وەهان، مەحویی عاریف کاری بەو رەهەندە نییە کە لە سنووری حەڵاڵ و حەرام و خیلافاتی ئاینزاکان و پیاوانی شەریعەتدا رەنگدەداتەوە، نا، ئەو لە فەزایەک دەدوێت کە هیچ کات مرۆڤی ماتریاڵی یان ئەهلی پێنج هەستەکە چێژی ناکەن، ئاخر ئەوێ ئەودیوی ماددەیە، مرۆڤی ماددی، یا ئافرێنراوێک کە تەنها لە هەستەکانی جەستەدا مرۆڤبوون کورت دەکاتەوە، هیچ کات بەو کۆدانە ناگات، هەرگیز سەری لێ دەرناکات، چونکە ئەمە رەهەندی ئەوینە، موڵکی ئەهلی دڵە، مەحەبەتە.

**لە کن من ئەسڵی نییە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش**
**نییە بەهەشتی خودا هەم بەبێ ئەحیببا خۆش**

مەحەببەتیش لە دەرەوەی بازنەی مەحەببەتی خودا شتێک نییە ئەرزشی هەبێت، مەگەر مەحەببەتی ئافرێنراوەکانیش لە مەحەببەتی خوداوە خوێنی گرتبێت، ئەم رەهەندە کیمیاگەری دەوێت، مەحوی دەوێت، ئەو لەو کیمیاگەرە مەجازیانە نییە کە کاری ئاوێتەکردنی توخم و ماددەکانە، نا، کیمیاگەری راستەقینەی بلوور و شووشەکانی خاڵین لە ماددە، ئەو نەوەی ئادەم لەگەڵ مەحەبەتی زاتی حەقدا ئاوێتە دەکات، مەحوی بەرماڵێکی کردووەتە (بوراق) و میعراجێکمان لە فانییەوە بۆ فەنا پێ دەسازێنێت، چرکە پیاسەیەکی ئیلاهیمان پێ دەکات لەم کەونەوە کە کارئەندامناسی "فیزیۆلۆژیا" هێدی هێدی درک بە وردەکارییەکانی دەکات بەرەو میتافیزیک و عەرشی گەورە کە تەنها و تەنها رووح دەیگاتێ، ئێرە (قاب قوسین)ە، خودایە، خودایەک کە دڵی مەحویی مەزن لە نێوان پەنجەکانیدایە، خودایەک کە بە جیهانی عەقڵ پێشی بگەین، رەق تێیدە گەین، دەبێت لەودیوی ماددەوە لە کەون بڕوانین، پەیوەندییەکی هارمۆنیانەی لە دڵەوە بە خودا دەوێت، دونیایی خاڵیە لە لۆژیک، لەم بارەدا عاریف حەوجێی بە وەرگێڕە نوقسانەکانی زمانی خودا نابێت، مەحوی لە باری توندبوونی گوێچکەڵە و سکۆڵەکانی دڵدا حەڵاڵ و حەرام جیادەکاتەوە.

**تا زوڵمەتی وجودە تەریکی لە نوری عیشق**
**سێبەر نەما هەتاوە، کە (مەحوی) نەما خودا**

ئەم زاهیدە رووحانییە غائیبەی قەسوەتی ئەهلی دونیا و ژاوەژاوی سیاسییەکانی و کێشمەکێشمی فەلسەفەکار و مەلاکانی، تێدەگات کە جەستە لە زەوی دروستبووە، رووحیش لە مەلەکوتی ئاسمانەکان، ئەگەر عاریف جەستەی برسی بکات، شەونخوونی پێبکات و بەردەوام لە خەمیدا نەبێت، ئیتر رووح لە فەزای ئەوینی خۆیدا لەنگەر دەگرێت، لە پەنا عەرشدا، بە دەوری (سیدرە المنتهی)دا دەسووڕێتەوە، لە چێژ وەرگرتن لەو جیهانە بەرزەی خۆیدا دەبێت کە لێی خەلق بووە. وەلێ بە پێچەوانەوە، ئەگەر جەستە لە قووڵایی ئارەزوودا مەڵە بکات، لێوانلێو بێت لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی و نوقمی ئەم جیهانە هەستیە ببێت، ئیدی جەستە لەو مەملەکەتە دەمێنێتەوە کە لێی خەلق بووە، رووحیش لەگەڵ خۆیدا کەمەندکێش دەکات، لە دونیای ماددەدا دەیکاتە بەندە، بێگومان رووحیش هۆگر نییە بەم بەندیخانەیە، لە ئازاری جودایی و دابڕانی ئەو جیهانەی لێی دروست بووە چریکەی لێ هەڵدەستێ، وەک بەندییەک کە سزا دەدرێت هاوار دەکات و دەقیژێنێت.

**لە حینی نەزعی ڕۆحا، ڕۆحی عاشق**
**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم**

مەحویی لووتکە لەگەڵ ئەوەدا کە تاوەکو تواشەوە عەودالی کەسێک بوو بیکا بە کەس، بەڵام ویستبێتی یان نا، بووەتە مورشیدێکی مەعنەویی عاریفان، ئوستادێک بۆ موحیببان، ئاخر ئەوەی مەحوی رووحمانی پێ هەنجن هەنجن دەکا، ئەو هێزە جادووگەرانە نییە کە لە جیناس و تەوریە و لێکچوواندنەکانیدا هەیە، ئەوە نییە کە نالی ئاسا لە ئەدەبیاتیدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات، ئەوەی ئەم سەراسیما مۆتەکەییەی لە ئێمە ئاڵاندووە، ئەو نادیارییەیە کە لەودیوی غەزەلەکانییەوە هەیە و جانی سۆفیزمیانەی بۆ پاکبوونەوە سازاندووە. وەها رەق وەقتی بەزایەعچووی خۆی دەتەزێنێت کە ئەگەر دیوانەکەی لە ئەزەلەوە هەبا، گومانمان دەبرد ئادەم بۆ چەشتنی ئەو جۆرە لە سووتانی تەوبە یەکەم دیواری گوناهی شکاندبێت.

**مەگەر بەر مەوجی بەحری ڕەمەتم خا وەسفی سەتتاری**
**وەگەرنا زەحمەتە پابوونەوەم، نامومکینە سەترم**

مەحوی پێویستی بە توێژەر و رۆژنامەنووس و دکتۆرەکانی زانکۆ و شرۆڤە و ئەدیبەکان نییە بۆ ئەوەی نەمر بێت، حەقی ئیخلاس لە سنگی ئەواندا سەوز نابێت، بەڵکو لە زمانی ئەواندا گیان دەدا، ئەو بە قانونی تەجەننوب روودەکاتە سارا و لە (بولوەقت) ێک کات دەخوازێ، هارمۆنییانە دەمی پڕ دەکات لە یاخودا، یاخودا، خوێنی خۆی دەکاتە حەرف و بۆ پەلپەلکردنی سبحەی دەنووسێت و بۆ وادەی لیقا ئاه و واوەیلا دەکات، مەحویی گەورە دەزانێت بوونەوەری جیهانێکی دیکەیە، تیرێژی ئەو رووحانەیە کە چوون بۆ خەبەر پرسین و بێ خەبەر کەوتن، خاکی بەرپێی یارێکی خۆبەزلزانە، بێباکە لە ئافاتەکانی زیندەگی، بێباکە لە خەراباتی دونیا، کاری ئەو ئەوەیە ئێمە بۆ سەردەمێکی دیکە ببات، ئەوەی بەلاوە گرنگە دونیایەکی دیکە بە ئێمە بناسێنێ و تابلۆی ئەبەدییەت لەوێوە بۆ ئێمە بهێنێتەوە.

**دونیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، برۆ**
**کێ مایەوە تیا کە نەبوویێ ترۆ**

# بەدگۆڕانی
# نێو سەرمایەداری

نووسینی: دان مان
وەرگێڕانی: کانیاو



لە گیانەوەرناسیدا، بەدگۆڕان بەو گۆڕانە دەگوترێت کە قالۆنچە یاخود گیانەوەری وشکاوەکی لە ماوەی گەشەیدا پیایدا تێپەڕ دەبێت و بە شێوەیەکی ئاسایی دەیکاتە بوونەوەرێکی تەواو جیاواز. (بەدگۆڕان) کتێبێکە لەلایەن نووسەری بوونگەرا "فرانز کافکا"وە نووسراوە. لەم کتێبەدا کارەکتەرەکان تووشی بەدگۆڕان دەبن، بەدگۆڕانی ڕووکەشی لەمرۆڤخستن و گواستنەوەی مرۆڤە بۆ کاڵایەکی پەتی کە هۆی درووستبوونەکەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە ، ئەمەش لە بەدگۆڕانی یەک لەدوای یەکی گریگۆر و باوکی و خوشکەکەی و پەیوەندیی گریگۆر لەگەڵ خێزانەکەیدا دەبینرێت. بەدگۆڕانی گریگۆر لە تاکێکی بەبەرهەمی کۆمەڵگەوە بۆ تاکێکی بەکێشەی ناسەربەخۆی نێو هەمان کۆمەڵگە، کاریگەرییەکانی لەمرۆڤخستن و بەدگۆڕانەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشان دەدات. تەنانەت پێش دەستپێکردنی ڕۆمانەکەش، گریگۆر بە بەدگۆڕانی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا تێدەپەڕێت کە لە هەمان کاتدا لەمرۆڤبوونیشی دەخات، ئەمەش بەوە روون دەبێتەوە کە چۆن گریگۆر لە تاکێکی بەرهەمهێنەوە دەبێتە تاکێکی ناسەربەخۆ. لە نیوەی دووەمی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە دەڵێت: "هەندێک جار گریگۆر وای بیر دەکردەوە کە جاری داهاتوو دەرگاکە کرایەوە ئیتر دووبارە وەک جاران کێشەکانی خێزانەکە لەئەستۆ دەگرێتەوە..." (کافکا 21). گریگۆر پەشیمانە لەوەی کە چیتر ناتوانێت خێزانەکەی بەخێو بکات، چونکە بووەتە قالۆنچە و توانای کارکردنی نەماوە. ئەم بەدگۆڕانەش بەهۆی ئەوەوە ڕوودەدات کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری توانای خەڵکی، تەنها بە کارکردن دەنرخێنێ.

دیارە گریگۆر تاکە کەس نییە بەم بەدگۆڕانەدا تێپەڕێت، بەڵکو باوکیشی بەم بەدگۆڕان و لەمرۆڤکەوتنی سەرمایەدارییەدا تێپەڕ دەبێت. کاتێک دەگەیتە نیوەی کتێبەکە، گێڕەرەوە لە باسی خێزانە کرێکارەکەی گریگۆردا دەڵێت: "باوکی گریگۆر تەنانەت لە ماڵەوەش بە کەلەڕەقییەوە ڕەتی دەکاتەوە جلەکانی کارکردنی لەبەر دابکەنێت..." (کافکا 39). ئەوکاتەی گریگۆر لەڕووی داراییەوە پاڵپشتیی باوکی دەکرد، بەڕێز سامسا لە دەرەوەی سەرمایەداری دەژیا، لەبەر ئەوەی پێویستی نەدەکرد بەشداری تیادا بکات، بەڵام کە کوڕەکەی توانای پاڵپشتیکردنی نامێنێت، ئیتر ناچارە خۆی کار بگرێتە ئەستۆ، دواتر ئەویش بە بەدگۆڕانی سەرمایەداریدا تێدەپەڕێت. ڕەتکردنەوەی بەڕێز سامسا بۆ داکەندنی جلەکانی کارەکەی لە ماڵەوە، ئەوە پیشان دەدات کە چۆن کارەکەی دەستی بەسەر ژیانیدا گرتووە و لە مرۆڤبوونی خستووە و جگە لە کرێکاریکردن هیچی لەمرۆڤبوون بۆ نەهێشتووەتەوە. ئەمە نموونەیەکە لەوەی کە چۆن سەرمایەداری مرۆڤ ناچار دەکات بە بەدگۆڕاندا تێپەڕێت و لەمرۆڤبوونی بخات. بەهۆی سەرمایەدارییەوە تەنانەت پەیوەندیی گریگۆر و خێزانەکەشی بە گۆڕاندا تێدەپەڕێت. پاش ئەوەی کە چیتر گریگۆر توانای کارکردنی نامێنێت، ئەندامانی خێزانەکەی ڕقی لێ هەڵدەگرن. جارێک باوکی گریگۆر هێرش دەکاتە سەری و سێوێکی تێدەگرێت، ڕۆبەرت جەیمس ڕیسێی نووسەر دەڵێت: "ئەمە گاڵتەجارییە، لە دوای چەند ساڵ کردنی ئەو کارەی کە ڕقی لێی بووە تاوەکو قەرزەکانی باوکی پێ بداتەوە، هەر زوو کە توانای دانەوەی قەرزەکانی نامێنێت، لەلایەن باوکیەوە فڕێ دەدرێت. ڕووخانی تەواوی پەیوەندییەکە دوابەدوای ئەوەی کە چیتر قەرزەکانی پێ نادرێتەوە، ئەوە پیشان دەدات کە ئەم پەیوەندییە بە تەنها لەسەر پارە بونیاد نراوە" (ڕیسێ).

وەک ڕیسێ ڕوونی کردەوە، پەیوەندیی گریگۆر لەگەڵ خێزانەکەی بە تەنها لەسەر ئەو بەهایەی کە ئەوان وەک کرێکارێک بۆی دادەنێن بونیاد نراوە. پاش ئەوەش کە ئەو بەهایە لەدەست دەدات، هیچ نییە جگە لەوەی بە شێوەیەکی هێمایی و بە مانای وشە مشەخۆر بێت. گێڕەرەوە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەدا کە خوشکەکەی گریگۆر (گرێت) چۆن ژوورەکەی گریگۆر پاک دەکاتەوە، دەڵێت: "بە پەلە ڕایکرد بەرەو پەنجەرەکە و خستیە سەر پشت، وەک ئەوەی خەریک بێت بخنکێت..." (کافکا 31). بە مانای وشە گرێت وەختە بخنکێت لەو بۆنەی کە گریگۆر دەریداوە. ئەگەر بە شێوە هێماییەکەش لێکی بدەینەوە، ئەوە گریگۆر بە سنووردارکردنی بڕە پارە و ئازادییان، وەختە خوشکەکەی و خێزانەکەی بخنکێنێت.

بەدگۆڕانی گرێتیش لە کچەوە بۆ ژن، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن سەرمایەداری خەڵکی دەکاتە کاڵا. لە کۆتایی کتێبەکەدا، کاتێک خێزانەکە گالیسکەکەیان بۆ سەفەر لێ دەخوڕن، گێڕەرەوە دەڵێت: "نائاگاییانە و بە چاو لێکیان دەڕوانی و بیریان لەوە دەکردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە مێردێکی باش بۆ کچەکەیان بدۆزنەوە" (کافکا 52). دایک و باوکی گرێت لەمەڕ ئەوە دەدوێن کە چۆن کچەکەیان ئاوا لەپڕ گۆڕا بە خانمێکی سەرنجڕاکێش و دەشبێت مێردێکی باشی بۆ بدۆزنەوە. ئێستا بەهای گرێت لای دایک و باوکی بووە بە هیی بووکێک کە دەتوان بیدەن بە شوو بۆ خاتری دەستکەوتێکی ئابووری، نەک هی کچێک. بەشوودانی گرێت بۆ ئەوان مانای ئەوەیە کە گەرروویەک کەمتر دەبێتەوە تا خواردن و پارەی پێ بدەن. لەو کاتانەدا ژنان پاڵپشتیی خۆیان دەکرد بە شووکردنیان بە پیاوان. دەیانتوانی کاری ماڵ بکەن و پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ و خواردن دروستکردن لەئەستۆ بگرن، هەمووشی بۆ خاتری دەستکەوتی ئابووری. سەرمایەداری لێهاتوویی خودی و بەرهەمهێنان دەنرخێنێت، بۆیە بەهای گرێت وەک تاکێک دەبێتە توانای سەرنجڕاکێشانی بۆ پیاوێکی دەوڵەمەند کە بتوانێت بەخێوی بکات. ئیتر ئەگەر کەسێکی خۆشبوێت یان نا، یاخود جگە لە ژنی ماڵ خەونێکی تری هەبێت بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری، نادروستە. ڕۆبەرت جەیمس ڕیسێ دەڵێت: "هەرچەندە بە نەگوتراوی مایەوە، بەڵام دەتوانین وای دابنێین کە لەگەڵ ئەوەش خێزانەکە هەموویان ئەو پاشنیوەڕۆیە پێکەوە بە دڵخۆشییەوە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتبوون، گرێت لە لایەن خێزانەکەیەوە فەرامۆش کرابوو، ڕێک وەک گریگۆر، ئەگەر هەندێک حاڵەت بێنە ناوەوە ئەوا دایک و باوکی لەباتی سوود دەیکەن بە بارگرانییەکی ئابووری" (ڕیسێ).

بە ئاسانی دەتوانرێت پێشبینی بکرێت کە ئەگەر کچەکەیان ببێتە قالۆنچە و مەسخ ببێت، وەڵامی خاتوو سامسا و بەڕێز سامسا ئەوە دەبێت کە حاشای لێ دەکەن و بەجێی دەهێڵن. ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن کۆمەڵگەی سەرمایەداری تاک مەسخ دەکات و دەیکاتە کاڵا و لە بەهاکانی مرۆڤبوونی دەخات.

چەند هۆکارێک هەن کە وایان لە فرانز کافکا کرد بڕوای بەوە هەبێت کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبێتە هۆی لەمرۆڤخستنی خەڵکی و بەدگۆڕانیان. لە پێش هەموویەوە کافکا سۆشیالیست بوو، ئەم ڕوونکردنەوەی لەمرۆڤخستنی سەرمایەدارییەش تەواو لایەنگریی تیۆری نامۆبوونی کارڵ مارکس دەکات. ئەم تیۆرییە باسی ئەوە دەکات کە ئەو کاتەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە پلە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری گەمارۆ دەدرێن، مرۆڤایەتییان لەدەست دەدەن و لە کۆتاییشدا توانای دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر داهاتووی خۆیان نامێنێ. ئەمەش لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە چۆن گریگۆر بەبێ خواستی خۆی ناچار بوو کار بکات بۆ دانەوەی قەرزەکانی باوکی. لەوانەیە ئەمە دەربڕینی وەڕزیی کافکا خۆی بێت لەپای نەنرخاندنی لەلایەن کۆمەڵگەکەیەوە وەک نووسەرێک. دایک و باوکی کافکاش کە زۆر بە دایک و باوکی گریگۆر دەچن، لە کافکا تێناگەن و خواستی کافکا بۆ بوون بە نووسەر نانرخێنن. لەباتی ئەوە ئارەزوومەندن کافکا ببێتە بزنسمان. لە هەمان کاتدا ئەم وەڕزییە لە کەمانچەژەنینی گرێتیشدا ڕەنگدەداتەوە، لەبەرئەوەی کە دەبوو کاربکات و پاشانیش هاوسەرگیری خەونی بوون بە کەمانچەژەنی لێ برد، بێگومان ئەم هۆکارانەش زۆر پێکەوە بەستراون، دەکرێت پەیوەستیی کافکا بە سۆشیالیزمەوە بەو وەڕزییە تاودرابێت کە کافکا لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا هەیبوو لەپای نەنرخاندنی وەک نووسەر.

**سەرچاوە: ڕایتەر سالۆن**

# تامە خۆش و ناخۆشەکانی "چێشتی مجێور"

سەنگەر زراری



محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن (1921-1986)، لەبارەی زمانپاراویی هەژار موکریانیی هاوڕێی، لە پێشەکی (شەرەفنامە)دا کە هەژار وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەنووسێت: "ئەگەر دەیبینی، هەزار قورعان دەخۆی کە ئەو کتێبە هەرگیز بە بۆرە خزمایەتیش نەچووەتەوە سەر فارسی و هەر زکماک کوردییە و بە کوردی ڕسکاوە". کەواتە ئەگەر (هێمن)ێکی زمانپاراو و لێزان ئەو گەواهییە بۆ وەرگێڕانێکی هەژار بدا، ئەی دەبێ لەبارەی زمانی نووسینەکانی چی بڵێت، کە دەسەڵاتی نووسەر ئەوەندەی بەسەر نووسینەکانی خۆیدا دەشکێت، ئەوەندە بەسەر وەرگێڕاندا ناشکێت، ئەگەرچی هەژار خۆی لە سەرەتای چێشتی مجێور دەڵێت: "ئەگەر ڕاستت دەوێ بە زمانێک نووسراوە کە لە مەجلیسان قسەی پێ دەکەم و هیچ خۆم پێوە ماندوو نەکردووە کە ئاسەوارێکی ئەدەبی بێت...ل1". بەڵام ئەمە لە ئاستی زمانەکەی کەم ناکاتەوە، چونکە نووسەری زمانپاراو، هەرچۆنێک بێت ناتوانێ بە زمانێکی خراپ بنووسێت.

دیارە هەژار خوێنەرێکی زۆر جددی بووە و خوێندنەوە تەواو لەگەڵ ناخی تێکەڵ بووە، شێرکۆی کوڕی دەڵێت: "یەکجار زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد و تەرکیزێکی یەکجار زۆر سەیری هەبوو، وا دەچووە ناو خوێندنەوەکەی، کە لام وایە ئەگەر دەوروبەری ئاگری تێبەربووایە پێی نەدەزانی.

گومانیشی تێدا نییە سەرچاوەی نووسینی نووسەری باش، ئەوەیە خوێنەرێکی باش بێت و لێرەشەوەیە دەتوانێ زمانی جوان و زانیاری باش بە خوێنەرەکانی ببەخشێ، لەبەر ئەم جددیبوون و گرنگیدانەیە بە زمان، کە نکوڵی لە پاراویی زمانی هەژار ناکرێت، پێموایە سەرچاوەی ناوبانگی (چێشتی مجێور)یش بە پلەی یەکەم بۆ ئاستی زمانەکەی دەگەڕێتەوە، هەژار لە چێشتی مجێوردا بە زمانێک نووسیویەتی، کە خۆی پابەندی هیچ دیسپلینێکی زمانەوانی نەکردووە، وشەی عەرەبی و فارسی (ئەوانەی لە زمانی کوردییش باون) بەکارهێناوە، ئەمە لە نەزانییەوە نەبووە، ناشێ هەژار نەیزانیبێ (تاریخ) مانای مێژووە و (ڕەئیس) سەرۆکە و (تەرجەمە) وەرگێڕانە و... بەڵام ئەو بەوشێوەیە نووسیویەتی کە دەزانێ خوێنەری کورد حەزی لێیەتی، ئەمە ئەو جۆرە زمانەیە خوێنەر بەگشتی پێیانخۆشە و تا کۆتایی لەگەڵی دەڕۆن، بە تایبەتی زمانی گێڕانەوە بەم جۆرە سەرکەوتووترە.

دیارە لەسەر ئەمە هەژار هەر زوو ڕەخنەی لێگیراوە، بەڵام ئەو گوێی بەمە نەداوە، ئەوەتا لە چێشتی مجێوردا باسی ئەوە دەکات کە گوایە لە کۆڕی زانیاری باسی ئەو کراوە، بەڵام ئەو گوێی پێ نەداوە: "سەگبابی وامان لێ پەیدابوون دەڵێن دەبێ کوردی لە شوان و ڕەنجبەری نەخوێندەوار فێر بن! ئەدی چەند ساڵە ئێمە چیمان کردووە؟! چۆن زمانە ئەدەبییەکەمان تەرک بکەین و شوێن وەرزێر و گاوانان کەوین؟! کە ئەو جووێنەی دەگەڵ من بوو. هەمیشە من شەڕی ئەوانەم دەکرد کە زمانی پاکی کوردی تێک دەدەن و دانە بە دانە عەرەبی وەردەگێڕن و ئەویش بە ئیشتیبای نەزانیی خۆیان.. گاڵتەم پێ دەکردن. لەبەر ئەوە زۆریان ڕق لە من دەبۆوە، نەبەزینم لە بەرامبەر ئەو نەزانە خۆبەزانا ناسانە سەرەنجام کارێکی وای کردبوو، کە زۆریان بیر لە حاڵی خۆیان و قسەی من بکەنەوە و ئەگەرچی خراپەیان دەگوتم، بێنە سەر قسەکانم. پێم وایە لەو شەڕ و هەرایانەدا توانیم تا ئەندازەیەکی باش گەشە بە زمانەکە و نووسینی کوردی بدەم...ل 482".

هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە زمانی نووسینی هەژار بێ کەموکووڕی و بێخەوش بووە، بەتایبەتیش کە زمان بە تێپەڕینی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و چەمک و وشە و واتای نوێ دێنە ناو زمانەوە، لەلایەکی دیکەش وەک ئاشکرایە کورد هەرگیز خاوەنی زمانێکی ستاندەر و یەکگرتوو نەبووە، بۆیە هیچ شێوازێکی نووسینی کوردی، بە تاکەشێوازی نووسین دانانرێت، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبارەی هەژارەوە بگوترێ کە زمانی نووسینی لە ئاستێکی بەرزدا بووە.

جگە لە پرسی زمان، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە (چێشتی مجێور) ئەزموونێکی مرۆیی و تاکەکەسییە، ئەزموونی ژیانی هەر کەسێکیش پڕە لە هەوراز و نشێو و چاکە و خراپە، هیچ کەسێکیش ئامادە نییە هەموو بابەت و بەسەرهاتێکی خۆی بخاتە بەردەم هەموو کەس، وەکو دەروونناسانیش ئاماژەی پێدەدەن کە مرۆڤ چەند بازنەیەکی پەیوەندی لە دەوروبەری کەسایەتییەکەیدا هەیە، بازنەیەکی بەرفراوان هەیە کە هەر کەسێک بتناسێ دەیزانێ، بازنەیەکی بچووکتر هەیە دەوروبەر و دۆستەکانت دەیزانن، بازنەیەکی بچووکتر هەیە کە تەنیا چەند کەسێکی زۆر نزیکتر دەیزانن و بەمشێوەیە، تەنانەت لە کۆتاییدا بازنەیەک هەیە تەنیا کەسەکە خۆی دەیزانێ و نایەوێ کەسی دیکە بیزانێ، هەژاریش لەم یاسایە بەدەر نییە. ئینجا لەو ڕووەوەی کە چێشتی مجێور ئەزموونی ژیانی کەسێکە کە بەرهەمەکانی کاریگەرییان بەسەر بەشێک لە خوێنەران و کۆمەڵگاوە هەیە، شایانی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتنە.

هەڵبەت هیچ مرۆڤێک بێ کەموکووڕی نییە، هەژاریش وەک مرۆڤێک بە هەمان شێوە. من وەک خوێنەرێک کاتێک (چێشتی مجێور)م

> "گوفتار و کرداری باوکم پێچەوانەی یەکتر بوون و ئەوە بۆ من شتێکی زۆر ناخۆش بووە"

خوێندەوە هەستم بە چەند شتێکی زەق کرد کە خوێنەر (بێ ئەوەی شتێکی دیکەی لەبارەی ژیانی هەژار خوێندبێتەوە و بیناسێ) دەتوانێ لە دوای خوێندنەوەی چێشتی مجێور ئەوەی لێهەڵێنجێ، بۆ نموونە هەژار گەلێک کەمتەرخەم بووە بەرامبەر ماڵ و منداڵەکانی، بە ساڵ جێیهێشتوون و ئەوەی لێ هەست پێ ناکرێ کە خەمێکی زۆری لەبەربووبێ بۆ بینینەوەیان، ئەوەتا هەر لەسەرەتاکانی ژیانییەوە ژنە هەژدە ساڵییەکەی و منداڵە ساواکەی بۆ ماوەی نۆ ساڵ جێدێڵێ و کاتێکیش ژن و منداڵەکەی خۆیان بەدوایدا دێن، بە بیانووی ئەوەی باری دارایی باش نییە پێی ناخۆشە پێی دەگەنەوە (ل195-194). هەروەها ئەو کەمتەرخەمییەی بەرامبەر خوشک و براکانیشی هەبووە کە هەموویان لەو گچکەتر بوونە و دایک و باوکیان نەماوە، ئەگەرچی لە یەک دوو شوێندا بە کورتی باسی ئەو سۆز و خۆشەویستییە دەکات کە بۆ ماڵ و منداڵەکەی هەیەتی، بەڵام من وام هەست کرد کە ئەمە تەنیا بۆ ڕازیکردنی خوێنەر، یان بۆ ئەوەیەتی سۆزی خۆی لای خوێنەر دەربخات، نەک سۆزێکی ڕاستەقینە بێت، یان لە شوێنێک بۆ ئەوەی بالانسی ئەو فەرامۆشییەی بۆ ژن و منداڵ و خوشکە بێ دایک و باوکەکەی ڕاست بکاتەوە، باسی گەورەیی ژن دەکات و دەڵێت: "خوشکم نەوەک پیاوان، وەک هەموو ژنی بەرەحم بۆ برای، ساتێک لەبیری نەچووم و ساڵەها بۆم گریاوە و (...) وا دیارە ملم لە فەلسەفەباقی ناوە کە هیچ لە دەم و کاوێژی من ناوەشێتەوە (چوێڵەکە خۆت چی و شۆڕباوت چی؟) با باسی زبری پیاوان و بەزەیی و دڵنەرمیی ژنان بۆ پیاوی عاقڵ بەجێبێڵین و بێمەوە سەر باسی ژیانە کلۆڵەکەی خۆم...ل 196-195".

ئەگەر سەرنج بدەین، لێرەش دیسان بە بیانووی ئەوەی باسی گەورەیی ژن فەلسەفەیە و ئەو لێی نازانێ، خۆی لە باسەکە دەبوورێ و دێتەوە سەر باسی ژیانی خۆی. کاتێکیش کتێبەکەی شێرکۆی کوڕی دەخوێنینەوە (هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری) کە سێ بەرگە، بە تەواوی هەست بەوە دەکەین کە هەژار باوکێکی باش نەبووە.

شێرکۆ هەژار لە شوێنێکدا لەبارەی باوکی دەڵێت: "هەژار زۆر بەداخەوە، یەکێک لە-بە زاراوەی ئەخلاقی- خراپییەکانی، ئەوە بوو کە لەو قانوونەی پەرەسەندنی ژیان نەدەگەیشت و وەک چەکوچێک بوو کە کەسایەتیی ئەولادی وەکو گوێز و بادام دەشکاند. بەڵام من لە ژێر چەکوچ دەرپەڕیم، زۆر ئێشام، بەڵام خۆم گرتەوە و توانیم ڕێگای خۆم بە قەناعەتی هزریی خۆم ببڕم...".

خۆ ئەگەر خوێنەر بە وردی و وریاییەوە لێی بڕوانێ، لە یەکەم لاپەڕەی چێشتی مجێور ئەوەی بۆ بەدیار دەکەوێ، هەژار لەبارەی ئامانجی نووسینی چێشتی مجێور دەنووسێت: "هیچ نەبێ بۆ کوڕەکەم خانی، کە بە ڕواڵەت لە چوار کوڕان هەر ئەوم ماوە..ل1". لێرەوە دەشێ خوێنەر بپرسێ بۆ بە ڕواڵەت؟ دیارە ئەمە مانای ئەوەیە کە کوڕەکانی ماون و نێوانیان لەگەڵ باوکیان باش نەبووە، ناشبێت لە چواران یەکێکیان باش بێ و سێیان خراپ؟! خۆ ئەگەر واشبێت، ئەو باوکە و دەبێ بەرپرسیارێتی خراپیی منداڵەکانی و هەر کەموکووڕییەک کە لە پەروەردەیاندا هەیە، بگرێتە ئەستۆ!!

دیارە لەو سێ کوڕە ڕواڵەتییەی هەژار خۆیان لێ دەبوورێ، یەکێکیان کە (شێرکۆ)یە دێتە جواب و ئەوەش بە کارێکی ئەخلاقیی دەزانێ: "نووسەری ڕۆشنبیر ئەوەیە ماسک دابماڵێت و ئەگەر ئەو کارە نەکات، سا بەهانەکەی هەرچی بێت، باسی باوکی بێت یا دایکی یا ژنی یا هەرچی، ئەوا بە مرۆڤێکی سووک و بێ ئەخلاق دادەنرێت. تۆ کە بە حوکمی پێوەندیی کوڕ و باوکەوە، ئەوەندە لە نیزیکەوە ئاگاداری ئەو باوکە ناودارەیت و ماسکی بۆ کۆمەڵگا لێ لەسەر لانادەیت، ئەو کارەت بە "بێئەخلاقی" دادەنرێت و جێگات لە ناو نووسەران و ڕۆشنبیران و کەسانی بەرێزدا نابێتەوە، دەبیتە شتێکی ساویلکە و بێ شەخسیەت و تورەهات".

هەروەها دەڵێت: "گوفتار و کرداری باوکم پێچەوانەی یەکتر بوون و ئەوە بۆ من شتێکی زۆر ناخۆش بووە".

خاڵێکی دیکە لە چێشتی مجێوردا هەستی پێ بکرێت ئەوەیە، ئەگەر کەسێک دۆستی نەبێ یان کەسێک بە دڵی هەژار نەبێ، زۆر بە خراپی باسی دەکات و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێکی کەوتە بەر دڵان زۆری پێدا هەڵدەڵێت، ئەمەش وای کردووە کە هەندێ ڕاستی بشێوێنێ، یان بیانشارێتەوە. مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، کە هاوخەبات و هاوڕێی هەژار بووە، ڕەخنە لە هەژار دەگرێت کە ڕاستیی چەند ڕووداوێکی ئەوکاتی شێواندووە، مەلا ڕەسوول بە جۆرێکی دیکە باسی ڕووداوەکان دەکات و دەنووسێت: "خۆزیا کاک هەژار، پێش مردنی خۆی ئەو کتێبەی بڵاو کردبایەوە و ئەو نووسراوەیەی منی بدیبایە بۆ ئەوەی زانرابا وەڵامی دە بەرانبەر ڕاستییەکانی من و ناڕاستییەکانی خۆیدا چۆن دەبوو؟! بۆ ئەوەی نەبووبا بە "درۆی" پاش مردوو و زۆر لە کەسی گوێ لە مست و کوڕی ڕۆژیش بۆیان نەبووبا بە مەسەلە".

هەر بۆیەشە بە ڕای ئەو، هەژار پێش مردنی ڕێگای بڵاوبوونەوەی چێشتی مجێوری نەداوە، هەروەها دەڵێت: "ناوی کتێبەکەشی کە ناوە چێشتی مجێور، ئیتر زۆر لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی یەک دەگرنەوە، چونکە چێشتی مجێور هەم شتی زۆر بە تامی تێدایە و هەم شتی زۆر بێتام کە بەرماوەی کاسە سفرەی هەموو ماڵەکانە، کە بۆ مجێور دەمێننەوە".

> "چێشتی مجێور هەم شتی زۆر بە تامی تێدایە و هەم شتی زۆر بێتام کە بەرماوەی کاسە سفرەی هەموو ماڵەکانە، کە بۆ مجێور دەمێننەوە"

زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو (چێشتی مجێور)ەی ئێستا لەبەردەستە ناتەواوە و سانسۆر کراوە، شێرکۆ گومانی ئەوەی هەیە کە دووسەد تا سێ سەد لاپەڕەی لێ لادرابێ، چونکە دوای مردنی هەژار چاپ کراوە، ڕوون نییە کە ئەو لاپەڕانەی لادراون بۆ لادراون و باسی چییان تێدا کراوە؟! بەڵام ئەمە هێشتان ئاستی ئەدەبیی ئەو دەقەیان لە ئاستێکی بەرزدا هێشتووەتەوە.

هەر چۆنێک بێت، ئێمەی خوێنەر هەژار وەکو نووسەر و ئەدیبێک دەناسین و لەمبارەیەوەش لە ئاستێکی باڵادایە و توانیویەتی لای خوێنەر خۆی خۆشەویست بکات، ئەوەتا شێرکۆی کوڕی دان بەوەدا دەنێت کە هەر لە سەردەمی ژیانیدا زۆر ناودار بوو، ئێستا تەنانەت لای زۆر کورد جۆرە تەقدیسێک دەکرێت. زۆربەی کاردانەوەی کورد لە ئاست ئەو کتێبەی من لەبارەی هەژاری مرۆڤەوە، بەڵگەیەکی بەهێزە کە فەرهەنگی ئەمرۆی کورد، هێشتا، بەگشتی، باسی هەژاری بە "مرۆڤ" هەر قەبووڵ نییە. لە ڕیزکردنی هەموو ئەو سیفەتانەی هەژاردا، هەژار یەکەم شت ناودار بوو، ناودارێکی خۆشەویست بوو، دەیزانی بچێتە دڵی جەماوەرەوە و وایان لێ بکات زۆریان خۆشبوێت.

کۆتاییهاتنی چێشتی مجێور بەمشێوەیەی ئێستا جێی سەرنجە، کە بەم جۆرەیە: "لەو سەفەرە پەنجا ڕۆژم پێچوو، لە چەند ماڵێک لە پاریس دەعوەت کراین، ماڵی نازیە خانم (خوشکی کەندال)، نازێ خانمی شافیعی و کەمال داودی، چەند جارێکیش نانمان لە مەتعەمێکی کوردیی کرمانجی خوارد، کە ئاشپەزەکە ژنێکی مەهابادی بوو...520".

هەژار باسی هاتنەوەکەی ناکات لە ئەوروپا و هەر لە ئەوروپا کۆتایی پێدێنێ، دیارە لە ساڵی (1983) و پێش سەفەرەکەی بۆ ئەوروپا (کە وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی 1986 بووە) چێشتی مجێوری نووسیوە، لە ساڵی (1987)یش پێیداچووەتەوە، کە باسی سەفەرەکە و هەندێ ڕووداوی دوای ساڵی (1983) دەکات، نیشانەی ئەوەیە شتی دیکەی بۆ ڕەشنووسی یەکەم زیاد کردووە، بەڵام بۆ بەم ناتەواوییە کۆتایی هاتووە؟! یان وەک ماجید مەردۆخی ڕۆحانی (کە پێشەکی و کۆتایی بۆ چێشتی مجێور نووسیوە) گوتەنی: "خوێنەر وا هەست دەکات مامۆستا قەڵەمەکەی داناوە چاییەک بخواتەوە، وچانێک بدا و ئەمجار دەستپێبکاتەوە، کەچی بەیەکجاری تەواو...521".

جێی سەرنجە ماجید ڕۆحانی لە پێشەکییەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە مامۆستا هەژار ڕەشنووسی کتێبەکەی بەو داوە و ئەویش چەندین تێبینی پێداوە، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا بە جۆرێک ڕەخنە لە کۆتاییهاتنی کتێبەکە دەگرێت، وەکو ئەوەی دەستنووسەکەی نەدیتبێ.

من خۆم گومانی ئەوە دەکەم ئەو دووسەد سێسەد لاپەڕەیەی باس دەکرێ لێی لادراوە، بەشێکی کۆتاییەکەشی گرتبێتەوە.

## هەژاری موکریانی:

"عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی" کوڕی حاجی مەلا محەممەد بووە و لە ساڵی (1920)دا لە گوندی شەرەفکەندی بۆکان لەدایکبووە. لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا لە لای باوکی و دواتر لە مەکتەبخانەکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ناسراو بە (ژێکاف)، تێیدا ئەندام بووە و بەشداری کارە حیزبییەکانی کردووە. لە دوای ئەو هیچ کات لە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا بە فەرمی نەبووەتە ئەندام. لە کۆماری کوردستان ڕۆڵی زۆری هەبووە و لەگەڵ هێمن لە لایەن کۆمارەوە بە "شاعیری نەتەوەیی کوردستان" دەناسرێن. دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد دێتە باشووری کوردستان و دواییش لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە. لە پاییزی (1947) بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی سیل دەچێتە لوبنان و دوای چاکبوونەوەی دەگەڕێتەوە عێراق، پاشان جارێکی تر لە حکوومەتی ئەوسای عێراق قاچاخ دەبێ، بەرەو سوریا ڕادەکات و ماوەیەک لە سووریا دەمێنێتەوە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، هەژار دەچێتە پاڵ شۆڕشەکە. کاتێک ڕێککەوتننامەی (11ی ئاداری 1970) لە نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق مۆرکرا، نێردرا بەغدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی کورد کە لە (10ی شوباتی 1970) دامەزرابوو، لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو یەکێتییە بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوبەر هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشدا کرا بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد.

لە دوای بەئاکام نەگەیشتنی شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵی (1975) ڕۆیشتە شاری کەرەجی ئێران و تا کۆتایی ژیانی (ساڵی 1991) لەوێ مایەوە، پاشان لە دوای مردنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی (باغ فردوس)ی شاری مەهاباد نێژرا.

**ژێدەر:**

**1. چێشتی مجێور- هەژار، چاپی ئەوڵی ئانا (1392).**

**2. چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوەی حەیدەر عەبدوڵڵا لەگەڵ شێرکۆ هەژار.**

**3. چەند سەرنجێک لەسەر "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی، نووسینی: مەلا ڕەسووڵی پێشنماز. گۆڤاری گزینگ، ژمارەی (21)، پاییزی (1998).**

**4. ماڵپەڕی ویکیپیدیای کوردی.**



ئاسۆ مامزادە



# لەشکری، لە میرنشینی سۆرانەوە تا ئەمڕۆ

سالی 1590ی زایینییە، رمبەی نالّ و زین و زرمەی پێی 500 شۆڕەسوار پێدەشتەکانی کوردستانی ئەوێ سالّیان پڕ کردووە، تەپوتۆزی بەرپێیان گەییوەتە ئاسمان و لەوپەڕی زەنوێرەکانەوە وا پێدەچێ کە فەیتوونی خواکانە و هاتوون سنوور بکێشنەوە. رانک و چۆغەی بووزووی رەشی دووتوێیان لەبەردایە و بە چەرمی گامێش و قورقوشم و ئاسن زرێپۆش کراون و 500 رمبی سەر بە پەیکان بە دەستیانەوە و 500 زینی قەڵتاغ چووکی قایش ئەسڵی بولغار لەسەر پشتی 500 ئەسپی سپیی کفل خڕی گوێ مەقەستی کلک لەسەر چوارانە، پێش قەراوڵیان پیاوێکی بە قەڵافەتە، کەواو پانتۆڵێکی دە بەرقۆپانی رەشی لەبەردایە و دوو پشتێنی ئاوریشمی سێ گرێ وەک ماری قەفخواردوو بالاّیان تەنیوە و خەنجەرێکی دەسک نێروەیی لە ناویدا وەک ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێتەوە، شیرێکی کەرگەدەنی سەر و مل بە جۆللانێی گوڵینگی هەورامان لەناو کالانی پێستی شێر و قەدیفەی رەش بە سیمی زێڕ نەخشێنراو بە لاقەدیەوە سەما دەکات، پەستەک و کلاّوی نمەدیی بە پەڕی چێرگ و هەڵۆ و نەخشێنراو بە چەند هێمایەکی دەولّەت و کەوڵێکی خەزی سێ قەلاّتەی قاقم نیشانی بەسەر شانەوەیە وهەموو گیانیان وەک قەڵغان داپۆشیوە، شەپۆلی هەناسەی تێکەڵ بە شەپۆلی یالّی ئەسپە لغاو مرواریيە ئەسڵە موسڵییەکەی، شاخە بەرزەکان و لێرەوارەکان دەبێت و چەندسەد چیا ئەولاتر دەبێتە گەردەلوول و بەربینگی چەند سوارێک دەگرێت کە هاتوون بۆ دزینی خاک و برینی هەناسەی.

شۆڕەسواران، ئاوا خەرامان بۆ کوێ دەچن؟ میرمان بەرەو کام هەڵدێر دەبەن؟ کوان سەرهەنگەکانی سوپا، تابووری پێنجەم برووخێنن، خۆفرۆشەکان بتۆپێنن، میرمان کانیا میرزێندین بەگیانە.

ئەمانە چەندسەد شۆڕەسواری گاردی شاهانەی میرنشینی سۆرانن، لە هەریری پایتەخت وەدەرکەوتوون و میر سلێمان خانی قولی بەگیان ئیسکۆرت دەکەن بەرەو بەغدا، پێشتر لەشکری، سەرۆک ئەرکانی سوپای سۆران، پیلانێکی گەورەی دژ بە میر داڕشتووە، بە والیی عوسمانی لە بەغدای گوتووە میرسلێمان خان بەتەمای راگەیاندنی سەربەخۆییە، بەلاّم دەرباری بەغدا باوەڕی پێناکەن، لەشکری پێیان دەڵێ میر کاتێک کە لە کوردستانە زۆر بە گوڕوتین قسە بۆ سوپا و خەڵکەکەی دەکات و باسی سەربەخۆییان بۆ دەکات، میر کە بۆنی خاکی کوردستانی بەسەردا دێت هەموو رۆحی دەتەنێت و سەرخۆشی دەکات، شێتی نیشتمانەکەیەتی، بانگهێشتی بکەن و برێک خاکی کوردستان لە دیوەخانەکەتان و ژێر فەرشەکەی رۆبکەن، ئەوجار دەبینن کە چۆن سەرخۆشانە باسی کوردستان و میرنشینەکەی دەکات.

دەرباری بەغدا بەقسەی دەکەن و دەست دەکەن بە داڕشتنی پیلان، خان سلێمان خان بانگهێشتی فەرمی دەکەن بۆ بەغدا و لەولاشەوە چەند سوارێک دەنێرن لە چیای حەمرین خۆڵ ببەن بۆ دەربار. خان سلێمان خان و سوارەکانی بە ئالاّی دەولّەتی سۆرانەوە دەگەنە بەغدا و پێشوازییەکی شاهانە و گەرمیان لێ دەکرێت، میر هاوشانی والیی بەغدا بەرەو دیوەخانی گەورەی دەربار دەڕۆن و لە جێگەی تایبەتی دادەنیشێت و میوانیی شاهانە دەستپێدەکات، کە لە دیوەخان دادەنیشێت بە دەم قسە کردنەوە هەست بە بۆنێکی زۆر ئاشنا دەکات، والی و وەزیرەکان قسە و باسی ئاسایی و سیاسی تێکەڵ دەکەن، باسی دەوڵەتەکەی و باسی دراوسێکان و باسی کاروباری میری و خەڵک و سوپا، باسی باج و خەراج و پێدانەوەی عەهد و پەیمان بە بەغدا.

میر بەرەبەرە زیاتر هەست بە بۆنە خۆشەکە دەکات، بێ قەراری دەکا و بەتەواوی سەرخۆشی دەکات، راوێژکارەکان و چەند شۆڕەسوارێکی هەستی پێ دەکەن، چونکە بۆنی خاکی نیشتمان باڵی بەسەر ئەوانیشدا کێشاوە، وردە وردە هەست بە مەترسی دەکەن. میر ئیتر بەبێ منەتی باسی سنووری دەوڵەتەکەی و سەربەخۆیی ولاّتەکەی و جوانیی لێرەوارەکان و قەڵافەتی چیاکان و سوپا و پاکی و بێگەردیی خەڵکەکەی دەکات. ئەمانیش پلانی کۆتایی جێبەجێ دەکەن و میر دەکوژن.

هەواڵەکە بە گوێی شازادە خانزاد دەگاتەوە و بۆیشی دەردەکەوێت کە پیلانەکە لەشکری دایڕشتووە. لەشکری لەگەڵ 100 سواری بندەستی خۆی چوونەتەوە شنگال و ناوێرن بگەڕێنەوە پایتەخت، خانزاد کە مکوڕە لەسەر جێبەجێکردنی یاساکانی دەوڵەتی سۆران، بەتایبەتی بۆ خۆفرۆشێک کە میری برای کوشتووە، پیلانێک دادەڕێژێت، نامەیەک بۆ لەشکری دەنێرێت و تێیدا دەنووسێت: گەورەمان لەشکری، تکات لێدەکەین پاش گەیشتنی ئەم نامەیە بە زووترین کات بگەڕێیەوە بۆ هەریر، چونکە کەسمان نییە تۆ نەبێ، بۆ هەڵسووڕانی کاروباری دەوڵەت، بۆ سەرپەرشتیکردنی سوپای بێ سەردار هەر تۆمان هەی، دڵنیاش بە ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ پایتەخت، ئایشەت لێ مارە ئەکەین و لە جێگای میرسلێمان خان داتدەنێین.

ئەگەرچی بندەستەکانی پێی دەڵێن لەوانەیە پیلان بێت، بەلاّم لەشکری هەوای میرایەتیی سۆران لە کەلەی داوە و بە سەد سوارەکەیەوە دەگەڕێتەوە پایتەخت، هەر شەوێ سەد سوارەکەی دەکوژن و بۆ بەیانیش خانزاد جلی سوور لەبەر دەکات و فەرمان دەدا بە دیواری قەلاّی کۆشکەوە چوار مێخی بکەن و دیوارێکی پانی لەپێش هەڵچنن و تا تەواوکردنی دیوارەکە و خنکاندنی، بە ئامادەبوونی خەڵکی پایتەخت و هەموو سەرهەنگ و وەزیرەکان، چۆنیەتی پیلانگێڕانەکەی بە بەیت بۆ بگێڕێتەوە.

هەر ئەو خاکەی بێ ئەوەی بیهەوێ بووە هۆی کوژرانی میر سلێمان خان، لەشکرییشی کوشت، ئەوە هێزی لەبننەهاتووی خاکە، لەوانەیە ئەگەر لەشکرییش لەو کاتەدا لەگەڵ میربایە، پەژیوان بووبایەتەوە و نەیهێشتبا میر شەهید بێت، خوێنی رۆڵەکانمان هەزاران ساڵە بست بە بستی خاکی کوردستانیان تەنیوە و بووەتە بەشێک لە بۆن و بەرامە و تامی ئەم خاکە.

چی وادەکات کەسێک نیشتمانفرۆش بێت، لە حاڵەتی بندەستەیی دا بیانوو زیاترە، دەسەلاّتت نییە و بژێویی ژیانت داگیرکەر دەیدات، کە ئەمەش بیانوو نییە و نابێ شتی وا رووبدات، ئەی ئەگەر حکومەتی خۆت هەبێ و سەرۆک ئەرکانی سوپاش بووی؟ مەگەر ئەوەی حکومەتەکە بە هی خۆت نەزانی، ئەی بە هی کێی دەزانی؟ ئەو رق و قین و سەدبەرەکییەی ئێمەی مرۆڤی کورد تووشی هاتووین لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، چاومان بە یەکتر هەڵنایە و ژێربەژێر پیلان بە دژی یەک دادەڕێژین، رق وا کوێری کردووین بڕوا بە دوژمن دەکەین، بەلاّم بە براکانمان نا، هەموو ئەمانە بە یەک ئەنجام دەگەن، ئەو کەسانەی لەپێناوی بەرژەوەندیی تاکە کەسی و رق و قینی کۆن ولاّتەکەیان هەرزانفرۆش دەکەن، ئامادەن بۆ تۆپینی خۆیان و زەرەری ساحێبیان کە کوردستانە، باشە بۆچی؟

نموونەمان لە مێژوودا ئەوەندە زۆرە ناچارم بە چەند وتار باسیان بکەم، کە نموونە هەرە بەرچاوەکانیان رووخانی قەلاّی دمدم و میرنشینەکانی بۆتان و بابان و سۆرانە.

### خەسارناسی

لە پاش رووخانی ئیمپراتۆریی ماد (550 پ.ز)، شکۆی کورد شکا و ئیتر نەیانهێشت خۆی بگرێتەوە. کەمبوجیەی دووەمی دوا پاشای ئەخمینی بەر لە مردنی وەسیەت دەکا و بە وەزیرەکانی دەڵێ قەت نەهێڵن مادەکان دەسەلاّت بگرنەوە دەست. قسەیەکی کۆن هەیە دەڵێ ئەگەر کورد یەک بگرن هەموو دونیا دەگرن، بە واتا کلاسیکیەکەی ئەوە راستە و هەر ئەوەشە لە نەستی بەکۆمەڵی خەڵکی ناوچەکە دا ماوەتەوە، بەلاّم لەڕاستیدا کورد ئێستا تەنیا بە بەشی خۆی رازییە کە ئەویشی پێ ڕەوا نابینن. ئیمپراتۆریی ماد بە هاوکاریی شانشینی بابل گەورەترین و دڕندەترین ئیمپراتۆریی ئەوسا، یانی ئاشوورییەکانیان تێکشکاند (612 پ.ز) کە بە ئیمپراتۆریی خوێن ناوی دەناسرا و مادەکان و خەڵکی ناوچەکەیان زۆر ئازار دابوو، پێشتر سکاکانیان تێکشکاندبوو کە بۆ 28 ساڵ بەشێکی زۆری مادیان گرتبوو و هاوپەیمانی ئاشوور بوون، هوەخشەتەری سێیەمی پاشای ماد پاش تێکشکانی ئاشوور چاوی بڕییە شارە تیجارییەکانی یۆنان و لەسەر رێگا لەگەڵ شانشینی لیدیا بەیەکیاندا دا، بەلاّم لەبەر رووداوی خۆرگیران (585 پ.ز) شەڕیان راگرت و رووباری هالیس (قزل ئیرماق) بوو بە سنووری نێوانیان.

پاش شکانی ماد، میللەتانی تری ناوچەکە بەتایبەتی فارسەکان، بێجگە لە سەرکوتکردنی شۆڕش و هەر چەشنە هەوڵێکی بەدەوڵەتبوون، لە رێگای راگەیاندنە کلاسیکییەکانی وەک کتێب و قسەی زارەکی و دروستکردنی حەدیسی ساختە و چیرۆک و هتد..، هەوڵیان دا سیمای کورد ناشرین بکەن و تا رادەیەکی باشیش سەرکەوتن. لە رووی سیاسیشەوە دەستیان کرد بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەنێوان میرنشین و شازادە و میر و عەشیرەتە کوردەکان و ئیتر دووبەرەکی و ناکۆکی و یەکتر قبووڵ نەکردن شانبەشانی مێژوو لەگەڵمان هات تا ئەمڕۆ و بوونەتە هۆکاری زۆربەی شەڕە ناوخۆییەکان.

ئەم رقە کۆنە کە بیرێکی خێڵەکی و دواکەوتووانە نوێنەرایەتی دەکات، لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا و پاش نەمانی میرنشینەکان بەرگی نوێیان پۆشی و قاڵبی حیزبیان بەخۆوە گرت، زۆربەی هەرەزۆری حیزبە رزگاریخوازەکانی کوردستان لەسەر دەستی میر و کوڕە ئاغاکان دروست بوون، ئەمجار هەندێک لە کوڕە ئاغاکان بوونە نوێنەری چینی کرێکار و بە بیانووی نەهێشتنی چینایەتی، دژایەتیی حیزبە نەتەوەییەکانیان کرد کە ئەمانیش هەر کوڕە میر و ئاغاکان رابەرایەتییان دەکردن. باسی کرێکاری هەموو جیهان و حکومەتی جیهانییان دەکرد، بەلاّم رزگاریی نەتەوەیی لای ئەوان شتێکی بێ بنەما بوو، تا ئێستاش هەر وایە، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک لە شێخ و مەلاکان حیزبی ئیسلامییان بۆ دامەزراندین و ئەمانیش باسی ئوممەی ئیسلامییان بۆ دەکردین، بەلاّم دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانیان پێ خەیاڵێکی ناشەرعی بوو، لە حاڵێکدا کە وا نییە، دەنا ئەو هەموو ولاّتە ئیسلامییە نەدەبوون.

دروستکردنی دەوڵەت تەنیا بۆ کورد بڤەیە، مەنسووری حیکمەت کە بەشێک لە چەپە کوردەکان تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە مارکس و لێنین لەلایان گەورەترە، بە دەیان وتاری هەیە لەسەر کیانی نەتەوەیی ئێران و بەرگری لە ناوی کەنداوی فارس، بەلاّم موریدە کوردەکانی وا راهێناوە بە ئالاّی کوردستان بڵێن پەڕۆی کۆن و ئەمانیش تەنانەت قسەکردن بە کوردییان پێ شوورەییە، ئەمە هێزی کۆلۆنیالیزمی فارس و عەرەب و تورکە و لەمێژە بەسەرماندا سەپاندوویانە.

### لەشکری بۆ وای کرد؟

لەشکری بەپێی ئەو بەیتانەی زارەوزار بۆمان ماونەتەوە، ریوایەتی جۆراوجۆری هەیە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی میرنشینی سۆران بدەینەوە نابێ لەبەر دەسەلاّت بووبێ، چونکە لەشکری ئێزدی بوو، بێجگە لە دوژمنایەتییەکی کۆن کە لە نێوان ئێزدییەکان و سۆراندا هەبوو، خەڵکی بندەستی شانشینی سۆران تا سەر ئێسقان موسوڵمان بوون و دڵنیام بە هیچ شێوەیەک بە خەیاڵی ئەوان و لەشکریشدا نەهاتووە کە ئێزدییەک میرایەتییان بکات، چۆن بەو پلەوپایەیەش گەیشتووە لای میرانی سۆران، سەیرم پێ دێت.

بەلاّم ئەو دوژمنایەتییە چۆن ئاگرەکەی خۆش بوو؟، بەداخەوە لەبەر هەڵە تێگەیشتنی ئیسلام لە ئاینی ئێزدی، هەر لە پاش هاتنی ئیسلامەوە بۆ ناوچەکە، دژایەتییان کردوون و کوشتنیان حەلاّڵ کراوە، بەنیسبەت شانشینی سۆرانیشەوە بەپێی گێڕانەوەی حوسێن حوزنی و مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، ساڵی 1534 کە سوڵتان سولەیمانی قانوونی ئارامگەی بەغدای گرت، زستانەکەی لە هەولێر بەڕێ کرد، ئەوسا عیزەدین شێر لە میرەکانی سۆران میری هەولێر بووە و پێشوازییەکی گەرمی لێکردووە، بەلاّم سوڵتان لە ماڵەکەی خۆیدا سەرۆک هۆزی دنەداون بۆئەوەی لێی هەڵگەڕێنەوە و پاشان پلانیان بۆ رێکخست و شەوێک لە مۆڵگەی شاهانە بە نهێنی خنکاندیان و گەنجینەی میرییان تالاّن کرد و پاشان حوسێن بەگی داسنی لە ماڵە میرانی ئێزدی کردە میری سۆران، بەلاّم میرسەیفەدینی دووەم، لەشکری سۆرانی رێکخستەوە و تەنیا لە شەڕی یەکەم 500 پیاوی سەرناسی داسنییان کوشتن و میرنشینەکەی وەرگرتەوە، حوسێن بەگ پاش شکانی دەچێتە ئەستەنبوڵ بۆ سکالاّ و هەر لەوێ دەیکوژن، قبوڵکردنی میرایەتیی سۆران لەلایەن حسێن بەگەوە لەوانەیە هەوڵێک بووبێ بۆ کۆتاییهێنان بەو کوشتن و قڕکردن و نەهامەتیانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر ئێزدییەکان هاتووە.

دەرەنجام ئەم بەسەرهاتانە بە پیلانی دوژمنانمان بە سەدان جار بەسەرمان هاتوون و تا نەبینە خاوەنی کیانی سەربەخۆ هەر دووبارە دەبنەوە، چونکە لۆژیکی تۆڵەسەندنەوە لە یەکتر، بێ ئەوەی لە خۆمان پرسیار بکەین بۆ وایان لێکردین، لەناوماندا نابڕێتەوە، دوژمنیش باش ئەوە دەزانێ.

هەموو خۆفرۆشییەکیش لە پێناو پارە دا نییە، لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، خۆبەکەمزانین بەرامبەر بێگانە بەتایبەتی داگیرکەران لە ناخی تاکی کورد دا چێندراوە و دەبێ لە ریشەوە دەریکێشین، خیانەت و ولاّتفرۆشیش تەنیا لەناو کورد دا نییە؛ ئەگەر بڕوانینە مێژووی سکۆتلەندا، خیانەتە گەورەکانی کوڕە میرەکانی سکۆتلەندامان بۆ دەردەکەوێت و رێک ئێستای کوردستانمان بیر دەخاتەوە، ئەم خیانەتانە لە فیلمی دڵە ئازاکە بە باشی پیشان دراون، هەر ئەو کەمبوجیەی باسمان کرد لە رێگای داگیرکردنی میسردابوو کە براکەی ناردەوە پایتەخت و ئەمری کرد لە رێگا کوشتیان، بەلاّم بۆ لە کورد زۆر دیارە؟ چونکە کیانمان نییە، تەنیا رێگای کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو نەهامەتییانە ئەوەیە بەهەر شێوەیەک بووبێت ئەگەر جارێ پارچەیەکیش بووبێت بیبەین بەرەو سەربەخۆیی، ئێستا دەنگەکانیشمان گەیشتوونەتە کۆمەڵگای جیهانی و ناتوانن خۆیان لە دەنگی ئازادیی میللەتێک نەبان بکەن، تەنیا دەبێ خۆمان بگرینەوە و ولاّتەکەمان بونیات بنێین و بچینە ناو کاروانی پێشکەوتنی جیهانییەوە، پاش بنیاتنانی دەوڵەت ئیتر نە خیانەت دەمێنێ نە فرۆشتنی ولاّت، ئیتر مێژوویەکی نوێ دهۆنینەوە.

